# نهێنی سێکیس لە ژیانی سەرکردەکان

ئامادەکردنی: راوێژ*





ئەستێرەی فیلمە رووتەکانی ئیتالیایی«ئیلونا ستالێر» دبێژێت: دەکرێت سێکس خزمەتی ئاشتی لە جیهان بکات. بۆیە وەکو دەسپێشخەرییەک ئامادەیە، خۆی بۆ ئوسامەی کوڕی لادن رووت بکاتەوە و سێکسی لەگەڵ بکات.

ئەو بابەتە گاڵتەئامێزەی ستالێر، ئەو پرسەمان بۆ دەخاتە روو، ئایا سێکس تا چەند پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتهەیەوکاریگەرییان بەسەر یەکترەوە، تا چ رادەیەکە؟ داخوا سەرکردە و رابەرەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئارەزووە دەکەن و چۆن ئەو سەرکردە بەهێزانە، کۆنترۆڵی خۆیان لەدەستدەدەن هەنبەر ئەو حەزە بێسنوورەیان؟

لەو چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵێک پاڵەوانی سیاسیی بەهۆی مومارەسەکردنیان بۆ ئەو کارە، بوونەتە مانشێتی راگەیاندنەکان و هێندێکیان پۆستەکانیشیان لەدەستداوە، زەقترینیان سکاندالەکەی (کلینتۆن-مۆنیکا) و فەزیحەتەکەی سەرۆکی ئیسرائیل بوو.

ستالێر، لە پرسیارێکی ئاژانسی (فۆکس نیوز) دەڵێت « کاتی خۆی دەستپێشخەری مومارەسەرکردنی سێکسم خستە بەردەم سەرۆکی پێشووی عێراق، بەڵام ئەو قبوولی نەکرد، دڵنیام گەر قبوولی بکردایە، خۆی و عێراق تووشی ئەو دەردەسەرییە نەدەهاتن».

**رۆژهەڵاتی ناوین، سێکس نهێنییەکی پیرۆز**

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئیسرائیلی لێ دەربچێت) ژیانی سەرکردە و سەرۆکەکان نهێنییەکی پیرۆزن و هێڵی سوورن بۆ هەمووان، ئاشکرا بوونی وردەکاری نهێنی ژیانیان دەچێتە خانەی ئەستەم. هەرچەندە لێرە و لەوێ بەشەرمەوە، لە کونجێکی پەراوێزخراوی رۆژنامەیەک یا ماڵپەرێک، باس لە پەیوەندی نهێنی وەزیرێک لەگەڵ سکرتێرەکەی، رابەرێک لەگەڵ مەعشوقەکەی، موغامەرەی کوڕە بەرپرسێک لەگەڵ کچە قوتابییەکی

هەرزەکار، دەکرێت.

بەڵام ئەوەی لە وڵاتانی رۆژئاوا بەدی دەکرێت، راگەیاندن دەچێتە نێو هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ئەو بەرپرسانە، بەدەر لەوەی لە چ پۆستێک بن، بیانووی ئاسایشی نەتەوەی و هێڵی سووریش، شتێکن بێ مانا، وەکو ئەوەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوین دەهێنرێتەوە. بۆ نموونە: پێش ئەوەی هێلاری بزانێت کلینتۆنی سەرۆکی مێرد چی کردووە، لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامە و شاشەکانی تەلەفزیۆن، هەموو نامە و ماچ و چرپەکان نیشان دران. ئەنگێلا مێرکی راوێژکاری ئەڵمانیا، لە پشوویەکدا بە رووتی پیاسەی لەسەر قەراخی دەریایەک کرد، بۆ بەیانی رۆژنامەیەکی بەریتانی، وێنەکانی بە دنیا نیشان دا. یاخود کوڕی شای هۆڵەندا لەگەڵ مەعشوقەکەی لە سەیرانگایەکی تایبەتی بنەماڵەکەی، ماچی دەگۆڕییەوە، بەیانییەکەی وێنەکەی لاپەڕەی سەرەکی رۆژنامەکانی گرتبوو.

ژیانی سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی دیوار و شووره بەرزەکان و قەڵا سەختەکان و کامێرا زۆرەکان و بەربەستەکان، نەک تەنانەت لە چاوی کامێرا و راگەیاندن دوورە، بەڵکو گەر هاووڵاتییەکی گەشتیار، یا نامۆ لە نزیک کۆشک و تەلارەکانیان بیەوێت وێنەیەکی یادگاری بگرێت، ئەگەر ژیانی سەلامەت بێت، ئەوا نیعمەتێکە پاسەوانەکان پێیان بەخشیوە، کە نەیانخستۆتە کونجی زیندانەکان.

ئەمە وای کردووە، کە ئەو سەرکردانە، زۆر بە دەگمەن، کارە تایبەتەکانی ژیانیان واڵا بێت بەرانبەر هاووڵاتییەکانیان، نەخاسمە زانیاری ژوورەکانی نووستن و رابواردنیان، کە هەمیشە لەوێوە بڕیاری سیاسیی تێدا دەردەچێت.

### لیڤنی و رایس

رۆژنامەی «مەعاریف»ی ئیسرائیلی لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەمدواییەی، باس لە پەیوەندییەکی گەرمی نێوان وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی (تسیبی لیڤنی) و (کۆندۆلیزا رایس)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات، بەتایبەتی دوای ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی پێکەوە دایان، کە وەکوو ئەوەی هەردووکیان پێکەوە پێشتر رێکەوتبن، چ بڵێن! ئەمەش دوای ئەو ماوە کەمەی دەرچوونی کتێبەکەی رۆژنامەوانی ئەمەریکایی (گڵن کۆسڵەر)دێت، بەنێوی (ئافرەتی نهێنی: کۆندۆلیزا رایس و داهێنانی میراتی بۆش)، کە ئەوە دەخاتە روو بەوەی رایس هاوڕەگەزبازە و لەگەڵ برادەرێکی کچی دەژی بەناوی (رێندی بین) و رۆژنامەی«مەعاریف» باس لەوە دەکات کە هەواڵەکەی نێو ئەو کتێبە، پەشۆکاوی بۆ گەلانی ئەمەریکا دروست نەکرد، چونکە پێشتریش ئەو پڕۆپاگەندانە لە ئارادا بوون.

### وەزیر و سکرتێرەکانیان

«جۆن مێجەر» ی سەرەک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، پاڵەوانییەتییەکی لەو بابەتەی هەیە، کاتێک مومارەسەی سێکسی هەبوو لەگەڵ وەزیری تەندروستی کابینەکەی (ئەدۆینا کاری)، کە نزیکەی چوار ساڵ مەعشوقێکی بەنازی مێجەر بوو.

سەرەک وەزیرانی پێشوو و ئێستای ئیتاڵیاش (سێلڤیۆ بێرلسکۆنی) پەیمانی دایە هاووڵاتییان و راگەیاندن، کە واز لە مومارەسەی سێکس بهێنێت، لەماوەی پێش هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتە.

وەزیری پێشووی نێوەخۆی بەریتانیا (دایڤێد بلانکێت) یەکێک بوو لەوانەی کە بووە قوربانی پەیوەندییە سێکسییەکەی لەگەڵ بڵاوکەرەوە بەناوبانگەکەی کتێب لە بەریتانیا خاتوو(کێمبرلی کوین) و دوای ئاشکرا بوونی ئەو پەیوەندییەی، ناچار بوو دەست لە پۆستەکەی بکشێنێتەوە.

لەم دواییانەش، سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی جیهانی «پۆڵ وڵفۆیتز» ، کە پێشتر یەکێک لە ئەندازیارەکانی شەڕی ئازادکردنی عێراق بووە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە ناشەرعییەی کە لەگەڵ یەکێک لە فەرمانبەرانی بانکەکە هەیبووە و بەهۆیەوە، مووچەیەکی خەیاڵی بۆ بڕیبووەوە، ناچار بوو واز لە پۆستەکەی بهێنێت.

### چیرۆکی ژنە هونەرمەندە عێراقییەکە

سەماکارێکی عێراقی، کە ئێستا خاوەنی یانەیەکی شەوانەیە لە پایەتەختی بەریتانیا، باس لە پەیوەندییە



پێشـــووەکەی دەکات لەگەڵ کوڕی سەرۆکی پێشووی عێراق (عــودەی)، کە لەو ڕێیـــەوە کۆمەڵێک نهێنی وردی ژیانی ئەو بەرپرسەی بۆ ئاشکرا بوو، عودەی کە هەفتانە ئاهەنگێکی شـــەوانەی بۆ سەماکارە عێراقی و عەرەبەکان ســـاز دەکرد، دەڵاڵێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئەو بابەتە هەڵی دەبژاردن.

یەکێک لە ئارەزووەکانـــی عودەی ئەوە بووە، کە هەر کاتێک بە ڕێگایەکدا ڕۆیشتبێت، یا لە بازاڕ سوڕابێتەوە، یا بەشداری ئاهەنگێکی کردبێت و ئافرەتێکی جوانی لێ بەدی کردبێت و بەدڵی بووبێت، ئەوا پیاوەکانی خۆی تێگەیاندووە کە بۆی بڕفێنن و پاشـــان کاری سێکسی لەگەڵ کردووە، یەکێک لەوانـــەی کەوتۆتە بەر ددانی تیژی عودەی، بێژە جوانەکەی تەلەفزیۆنی (الشباب) بووە (م.م).

ئەوکاتەی هێزەکانی ئەمەریکا، دەستیان بەسەر لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقیدا گرت، کە عودەی ســـەرۆکی بووە، نامەیەکیان دۆزیتەوە، کە لە بەڕێوەبەری یەکێک لە یانە شـــەوانەکانی لوبنانەوە بۆی هاتووە، کە ناوەڕۆکەکەی باس لەوە دەکات، کۆمەڵێک ئافرەتی چیکی بەڕێوەن بۆ کۆشکەکەی، کە وێنەی ســـۆزانییەکانیش لەگەڵی هاوپێچ کرا بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٨ وەزیری دەرەوەی فنلاند (ئێلکا کانێرڤا) ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە، دوای ئەوەی نامە ورووژێنەرەکانی بۆ سەماکاری ورووژێنەر (یۆهانا تۆکینن) کەوتنە بەردەســـتی ڕاگەیاندنـــەکان و بڵاوکرانەوە، لە ناوەڕۆکـــی یەکێک لەو نامانە (کـــە نزیکەی ٢٠٠ نامە دەبوون) کانێرڤا دەنووســـێت «پەنجە پیاخشاندت لە یانەیەکی شەوانە چ هەستێکت لا دروست دەکات؟»

**پاشا و مەعشوقەکانیان**

لە هەمـــوو ســـەردەمەکاندا، ســـەرۆک و پاشـــاکان هەمیشـــە یار و کچی جوانییان هەبـــووە و لەگەڵییان ڕایانبواردووە، تەنانـــەت هێندێکیان غولامیان هەبووە و کاری نێربازیشـــیان لەگـــەڵ کـــردوون، نەخاســـمە لە ســـەردەمی عەباســـی و ئومەوی. بۆ نموونە: لە سەردەی حەڤدەهەمدا لویسی پانزەهەم پەیوەندییەکی ناشـــەرعی لەگەڵ خاتوو (بۆمبـــادۆ) دا هەبووە. جاک شیراک یەکێک بووە لەو سەرۆکانەی کە بەوە ناسراوە، ئارەزوویەکی بێســـنووری هەبووە بۆ ڕەگەزی مێینە. پێش ئەویش (فرانسۆ میتران)ی کۆمەڵێک پەیوەندی هەبـــووە، یەکێک لەو ئافرەتانە (ئـــان بێنجۆت) بووە، کە منداڵێکی (زۆڵ)یشـــیان لێ کەوتۆتەوە، بە ناوی (مازارین)، ئەو منداڵە کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبوو، تا ســـاڵی ١٩٩٤ شـــاراوە بوو لە بەردەم ماسمیدیای وڵات.

ڤیدڵ کاســـترۆی ســـەرۆکی پێشـــووی کوبا، کچێکی ناشـــەرعی لە پەیوەندییەکەی لەگـــەڵ خاتوو (ناتی ریڤێلتا) خستەوە، کە لەســـاڵی ١٩٩٣ ڕایکردە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا و بووە دەنگێکی ڕەخنەگر لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی باوکی.

**دۆن گوان لە سیاسەتدا**

سەرۆکی ڤەنزوێلا (هۆگۆ شافێز) پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ کچەنووسەری گەنج (هێرما مارکسمان) هەبوو، کە نزیکەی نۆ ساڵی خایاند، سەرۆکی پێشووی ئەرژەنتینیش (کارلۆس مونعیم) بە (دۆن گوان) دەناسرا، بەهۆی حەزی لە رادەبەدەری بۆ رەگەزە نەرمەکە، سەروەختی کلینتۆن (سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا) حاکمی ویلایەتی (ئەرکەنساس) بوو، دوو ئافرەت بە تۆمەتی تەحەروشی سێکسی داوایان لەسەر بەرز کردەوە.

بەڵام ئەو تۆمەتەی هێندەی نەمابوو لە کۆشکی سپی وەدەری بنێت، سکاندالەکەی بوو لەگەڵ (مۆنیکا لوینسکی)، پێش ئەویش سەرۆک (تۆماس جێفرسۆن) یش پێنج منداڵی لە یارە ئەسمەرەکەی (سالی هێمنجس) هەبوو و (جۆن کێنێدی)ش پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگی هۆلیۆد (مارلین مۆنرۆ) هەبوو.

(ئەدۆڵف هیتلەر) پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ (ئیڤا براون) کۆیانی دەکردەوە، دوای خۆکوشتنی یارە پێشووەکەی تری (جێلی راوباڵ) لە ساڵی ١٩٣١، لەو ساڵانەش جێژوانی سێکسی تریشی لەگەڵ ئافرەتی تر رێکخستووە، کە یەکێک لەوانە کچە هونەرمەند (ریناتی مۆلەر) بووە کە لە تەمەنێکی زووەوە خۆی کوشتوە.

(یاسر عەرەفات) پێش ئەوەی (سوها عەرەفات) بهێنێت و بە فەرمی ببێتە ژنی، پێشتر پەیوەندییەکی سروشتی سێکسی کۆیکردونەتەوە.

**دەستگیرکردنی دادوەرە سێکسبازەکان**

لەمدواییە لە وڵاتی مەغریب، سکاندالی«روقیە ئەبو عالی» هەڵایەکی مەزنی نایەوە، کاتێک ئەو کچە وێنەی ئەو بەرپرسە دادوەرییانە (دادوەرەکان و پیاوانی کۆشک) ی گرتووە، کاتێک لە باوەشی حەزەکانیان بەتاڵ کردۆتەوە. دوای ئاشکرا بوونی ئەو فەزیحەتە، داواکاری گشتی لە شاری (فاس) لایەنی پەیوەندیداری تەکلیف کردووە، بە ئامادەکردنی ریپۆرتێک لەو بارەیەوە. لە ریپۆرتەکەدا (١١) کەس تێوەگلاون کە لە نێویان (٢) دادوەر و (٣) لە پیاوانی کۆشک دەبینرێت، کە دەنگ و رەنگیان لە سیدییەکی کۆمپیوتەریدا هەیە.

* سەرچاوەکان
- ماڵپەڕی ئیلاف elaph.com
- ماڵپەڕی حەیاتی لەندەنی alhayat.com
- ماڵپەڕی شەرقولئەوسەت

